
# شەهرام عەلیدی لە ئەزموونێکی نوێدا کورتە فیلمی "بیرەوەرییەکانی ئاو"ی بێ دیالۆگ سازکرد

■ (شەهرام عەلیدی) دەرهێنەری سینەمایی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە نوێترین ئەزموونی سینەمایی خۆیدا، کورتە فیلمی "بیرەوەرییەکانی ئاوی"ی سازکرد و ئەم فیلمە گفتوگۆ لەخۆ ناگرێت و تیایدا باس لە ئاو دەکات.■

ئا: پەسار فایەق



شـــەهرام عەلیدی بەم دواییە کاری وێنەگرتنی کورتە فلیمی "بیرەوەرییەکانی ئاو"ی تەواوکرد کە لــە چوار بەش (ئیپســۆد) پێکهاتـــووە، لــە هەر بەشـــەو دیمانەیەکی تایبەتی لەخۆ گرتووە و کاتێـــك ئەم چوار بەشـــە یەك دەگـــرن دەبن بە یـــەك چیرۆك، عەلیـــدی دەڵێـــت "بنەڕەتی ئەم فیلمە لەسەر ئاوە، وەکو کوردێك کاریگـــەری ئـــەو جوگرافیا و بیروباوەڕەی دایکم لەسەر هەبووە، بۆیە بیروباوەڕێکی تایبەتم لەسەر ئاو هەیە".

دیمەنەکانـــی ئـــەم فیلمە بەم شێوەیە دەست پێدەکات، دیمەنی یەکەم (کاســـەی ئاو)، دیمەنی دووەم (حەوزی ئـــاو)، دیمەنی ســـێیەم (گۆمی ئاو) و دیمەنی چـــوارەم (زەریا)یـــە و زیاتـــر کاریگـــەری ڕووناکی لەســـەر ئاو بەدەردەکەوێـــت و ئەزموونی شـــێوەکاری تیادا بەدەردەکەوێت، شـــەهرام عەلیـــدی کـــە خۆی خوێندنـــی لە بـــواری هونەری شێوەکاری تەواوکردووە لەم بارەیەوە دەڵێت "ئەزموونی شێوەکاری خۆم وەکو شێوەکارێك بە شێوەیەکی زۆر تایبەتی هێناوەتە ناو ئەو فیلمە، ریتمی فیلمەکە خاوە ئەمەش بۆ ئەوەی تەنها حەســـانەوە و بینین بێت بۆ چاوی بینەر و ماندووی نەکات".

لە هەرچوار بەشی فیلمەکەدا بیرەوەرییەکی تێدایە کە وێناکردن و وێنەکێشـــانە، دەرهێنەر ئاماژە بـــەوە دەکات کە کاتێك هەرچوار بەشـــەکە لە شـــەوێکدا بەیەك دەگەن هەریەکەو چیرۆکی خۆی دەگێڕێتەوە و ئەو شەوە بەیەکەوە دەیانبەســـتێتەوە و ڕەنگدانـــەوە و کاریگەری ڕەنـــگ لە کاتدا لـــەرێگەی خـــۆر بـــە ئـــاو دەبەســـــتێتەوە.

ســـینەماکاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم فیلمەدا زیاتر کاری لەسەر وێنە کردووە نەك دیالۆگ، لەم باریەوە دەڵێت : لە فیلمەکانی دیکەم گفتوگۆ هەبـــووە و چیرۆکەکە زۆر زەق و یەکپارچە بووە و دراماکـــە بێ پچڕانەوە بووە، ریتمەکـــەی وەکو ئەم فیلمە خاو نەبوونە، بەر لەوەی فیلمەکەم دەست پێ بکەم دژایەتییەکی ریتمیم کرد بۆ ئـــەوەی ئەزموونێکی وا ئەنجام بدەم".

شـــەهرام عەلیدی لە کاتێکدا کـــە خەریکی فیلمێکە لەســـەر ئەنفال بەنـــاوی "دەنگی ئەنفال" ئەم فیلمەشی سازکرد، دەربارەی ئەمەش دەڵێت :ماوەی سێ ساڵە من خەریکـــی فیلمی (دەنگی ئەنفال)م، بەڵام لەم هاتووچووە و وردەکارییەی کە دەبێت لەسەر ئەم فیلمە بکرێت، بۆ تایبەت کردنی پرۆژەکە پێویســـتە ئەزموونێکی ترت هەبێت، ئەو ئەزموونەش لە خزمەتی ئەو فیلمەیە".

کورتە فیلمی "بیرەوەرییەکانی ئاو" ئێســـتا موزیك و دیزاینی دەنگی لە ئێران بۆ دادەنرێت.

ســـتافی کورتـــە فیلمـــی "بیرەوەرییەکانی ئاو": نووسەری ســـیناریۆ، دەرهێنـــەر، دیزاینەر و مۆنتێـــر "شـــەهرام عەلیدی"، بەڕێوەبـــەری وێنەگرتن "هومەن بێهمەنێـــش"، یاریدەدەری وێنەگر "ڕووزبێـــە ڕایـــگا" و "میـــلاد ئۆردوبـــادی"، دەنـــگ هەڵگر "ئەســـغەر ئابگوون"، دەنگدانەر "محەمەد ڕەزا دڵپاك"، یاریدەدەری دەرهێنەر و بەرنامەدارێژ "سامان تەفرێشی"، وێنەگری فۆتۆگراف "ڕووزبێە ڕایگا"، شوێنی وێنەگرتن "وشکایی تەبرێز، باکووری ئێران"، ئەکتەرەکان چەندین ئەکتەری ئەو شوێنانەی کە وێنەی فیلمەکەی لێ گیراوە، بەرهەمهێنەر "شەهرام عەلیدی" و "ناوەندی پەرەپێدانی ســـینەمای دیکۆمێنتـــی و ئەزموونی ئێـــران، ماوەی فیلم: ١٢ خولەك.

شەهرام عەلیدی ساڵی ١٩٧١ لە شـــاری ســـنەی ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان لـــە دایکبـــووە، دەرچووی بەشـــی شـــێوەکاری کۆلێـــژی هونەر جوانەکانە لە زانکۆی تـــاران، لە هەمان کۆلێژ ماســـتەری لە سینەما بەدەست هێناوە. ئێستا ئەندامی کۆمیتەی پەیوەندییەکانی نێونەتەوەیی ئەنجوومەنی ســـینەماکارانی لاوی وڵاتی ئێرانە، خـــاوەنی چـــەندین کورتە فـــیلمی سینەمایی و دیکۆمێنتییە و چەند خەڵاتێکیشی لە فیلمەکانی بەدەستهێناوە.

## یەکبوون جڤاک:

# حەز دەکەم لەسەر تەختەی شانۆ بمرم



■ یەکبوون خاوەن بەهرەیەکی هونەری بێ سنوورە هەروەك خۆشەویستی بۆ هونەر و گۆرانی، خوشەویستی وڵات هەمیشە هزر و خەیاڵی داگیرکردووە، ئەو لە ئیستانبوڵ دەژی، وەك خۆی دەڵێ زەمانێك پێی وابوو کە بە هیچ شێوەیەك ناتوانێت لەو شارە واتە ئیستانبوڵ دوور بکەوێتەوە، بەڵام دواتر بۆی دەرکەوت کە خۆشەویستی کوردستان لە دڵی ئەودا چەکەرەی کردووە، بەر لە ١٧ساڵ ملی داوەتە کاری هونەری و ئێستا خۆی بۆ بەرهەمێکی نوێ بڵاو دەکاتەوە کە ژمارەیەك گۆرانی لە خۆ دەگرێت، یەکبوون بۆ ئاهەنگی سەری ساڵ لەکوردستانی ئازادبوو، بۆیە لە دەرفەتێکدا ئەم گفتوگۆیەمان لەگەڵیدا سازکرد.■

دیمانە: فایلی هونەری

*** لە دروستکردنی ئەلبوومە نوێکەتدا بەناوی (کەژێ) چۆن توانیت ئەو (١٢) تراکە هەڵبژێریت؟**

- من توانیم لەنێو نزیکەی (٦٠٠-٧٠٠) گۆرانیدا ئەو (١٢) گۆرانییە هەڵبژێرم، بەپێی ستایل و بازاڕی گۆرانی و مۆزیکی کوردی.

*** بۆچی لەنێو ئەلبوومە تازەکەتدا کەمتر شـوێنت داوەتەوە شـعر و گۆرانییـە تایبەتیەکانی خۆت، تەنیـا گۆرانی (گوڵی+نکارم)هی خۆتن؟**

- مـن چەنـد گۆرانییەکی دیکەی تایبەت بەخۆمـم هەیە کە لە ئەلبوومەکەدا کارم لەسـەر نەکردوون، لەبەرئـەوەی من دەمەوێت زیاتر گرنگی بە گۆرانییە فۆلکلۆر و گەلەرییەکانیش بدەم و سـەر لە نوێ ڕۆحیـان بە بەردا بکەمەوە. سـەبارەت بەو دوو گۆرانییەی خۆشـم، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دوو گۆرانییە تەماسـێکی ڕۆحیم لەگەڵیاندا هەیە، بۆیە لە ئەلبوومەکە شوێنم بۆ کردوونەتەوە.

*** چـۆن بـەراوردی نێـوان هـەردوو ئەلبوومەکەت(نیروانـان) و(کەژێ)دەکەیت؟**

- لەباری تەکنیکیەوە ئاڵوگۆڕێکی گەورە بەسەر ئەلبوومی دووەمم داهاتووە، لەبەرئەوەی بەرهەمی (کەژێ) زۆر پێشکەوتووترە لەبەرهەمی سـەرەتام، چونکە بەشێوەیەکی سیستماتیك کارم لەسەر کردووە و دوای چەند سـاڵێکی دیکەش دیسـانەوە دەتوانم گوێ لەو ئەلبوومەم بگرم، چونکە بەرهەمێکی نەمرە.

*** کێ لەو ئەلبوومە کۆمەکی کردیت؟**

- من شانسم هەبوو کە لە ئیستانبوڵ لە دایك بووم و گەورە بووم لەبەر ئەوە لەڕێی ئیستانبوڵەوە توانیم پەیوەندییەکی فراوان لەگەڵ مۆزیکڤان و هونەرمەندان و کۆمپانیاکان دروسـت بکەم من ماوەی (١٧) ساڵە، هەر لە تەمەنی منداڵیەوە لەنێو مۆزیك و گۆرانی کوردیدا کار دەکەم.

*** تۆ لە ساڵی١٩٧٩لە ئیستانبوڵ لەدایك بوویت، بنەماڵەکەتان چۆن روویان لە ئیستانبوڵ کردووە و جێنشین بوونە؟**

- ئێمـە بەڕەچەڵەك خەڵکی (مێردین)ین، دوای ئەوەی دایك و باوکم زەواجیـان کردووە، هاتوونەتە ئیسـتانبوڵ بۆ ماوەی (٣٥)سـاڵ لەوێ ماونەتەوە.

*** ئیستانبوڵ وەکو پایتەختێکی کولتووری لە تورکیا و ڕۆژهەڵاتی ناوین بۆ هەر هونەرمەندێك شوناسـێکی تایبەتە، ئایا ئیستانبوڵ چی بەتۆ بەخشی؟**

- ئیسـتانبوڵی بوون، پێویستی بە ڕایکردنی کۆمەڵێك هەلومەرجی تایبەتی هەیە، هـەر هونەرمەندێك توانای ئابوورییەکی پتەوی هەبێت و جەمـاوەر لە دەوری خۆی کـۆ بکاتەوە ئینجا دەبێتـە خاوەنی ئەو شوناسـە، بەڵام بەداخەوە هونەرمەندانی کورد لە ئیسـتانبوڵ لەباری ئابووریدا سـتابیل نین لەبەر کوردبوون و گۆرانی گوتنیان بەکوردی، بۆیـە کوردەکانی ئیسـتانبوڵ پتر سـەرگەرمی دابینکردنی بژێوی ژیانیانـن و بە تەواوی فریـای کاروهونەرەکەیان ناکـەون، بەڵام من توانیـم زۆر سـوود لە ناوەنـدی کولتووری میزۆپۆتامیـا وەربگرم و دەروازەیەکی باشـی لەبەردەم من واڵا کـرد بۆ ئەوەی تاڕادەیەك بتوانم ناسنامەی مۆزیك و گۆرانی و ئیستانبوڵ لە خۆمدا بەرجەستە بکەم.

*** وا بزانم ماوەیەك لە(کۆما چیا)ش کاری هونەریت ئەنجامداوە؟**

- بێگومـان کۆما چیا هەلێکی باشـی بۆ ڕەخسـاندم تا بتوانم ئەزموونی لەنێو هونەری مۆزیك و گۆرانیدا قووڵتر بکەمەوە، بەڵام من خۆم لە(١٠)سـاڵییەوە بناغەیەکی هونەریم تێدا هەبووە، لەبەر ئـەوەی بنەماڵەکەمان بنەماڵەیەکی هونەردۆسـت بوون و بەردەوام هانیانداوم.

*** لـە بنەماڵەکەتان بێجگە لەتۆ، کەسـی دیکە کاری هونەری دەکات؟**

-تەنیا براکەم بەشـێوەیەکی ئەماتۆری ئامێـری تەنبوور لێدەدات، بەڵام بەگشتی کەشوهەوایەکی هونەری لەماڵەوەمان ڕەخسابوو، باوکم گوێگرێکی زۆر باش بوو، گوێی لە هونەرمەندە ڕەسەنەکانی وەك(ئارام تیگران) و(موورادۆ) و... تد دەگرت، بۆیە لەنێو کەشوهەوای مۆزیکی کوردیدا گەورە بووم.

*** ئەمـە بۆتـۆ دژوار نەبوو، لەکاتێکدا تەنیا تـۆ لەماڵەوە کاری هونەری دەکەن؟**

- بێگومـان زۆر دژوار بـوو، لەو بڕوایەدام ئەگەر شـوو بکەم و منداڵم هەبێت و ببم بەدایك ڕەوشـەکە دژوارتریش دەبێت، بۆیە من زۆر ماندوو بوونم کێشا هەتاکو بەشێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی خوێندن و ڕاهێنانی مۆزیکم تەواوکرد.

لەبەر ئەوەی (٥)ساڵ لەمەوبەر بەسـەرکەوتوویی کۆلێژی مۆزیکم تەواو کرد.

*** سەرنج دەدەی هەرچەندە کۆنسێرتەکانی مۆزیك زۆر دەبن، ئەوەندە ئاسـتی مۆزیك و گۆرانی کوردی لاواز دەبێت... تۆ هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- بەداخەوە هەرکاتێك کۆنسـێرتەکان زۆر دەبن، تاموچێژی مۆزیك و گۆرانـی کەمتر دەبێت، لەبەر ئەوەی تەکنیك و ئۆرگانیزاسـیۆنی کۆنسێرتەکان لاوازن و ڕۆحی هونەرەکە دەکوژن.

*** ئەمجـارە کە لەڕێی(کـۆڕەك تیلیکۆم)ەوە بـۆ هەولێر هاتی، سەرنجەکانت چی بوو؟!**

- سـەردانی ئەمجارەم وەکو سـاڵی ڕابردوو بـە هەیەجان و جۆش نەبوو، لەبەر ئەوەی ئەمسـاڵ لەڕێی فڕۆکەخانە هاتم، بەڵام سـاڵی پار لە دەروازەی سنووری ئیبراهیم خەلیل کاتێك بینیـم لەسەر پانکارتێك نووسـراوە (بەخێربێن بۆ کوردسـتان) لە ناخەوە گریام، چونکە بەڕاسـتی بـۆ من وەکـو خەونێك وابوو، چونکە ئێمە سـاڵەهایە بە چیرۆکی کوردستان دەژین، بەڵام دواتر بەچاوی خـۆم پایتەختی هەرێمی کوردسـتانم بینی، کە خەریکە خونچـەی هیواکانمان دەپشکوێت، لەبەر ئەوەی ئێمەی کورد لە باکووری کوردستان زوڵم و ناهەقی زۆرمان بینیوە و



تائێستا زمانی دایکمان قەدەغەیە و تەحەمولی پەیڤی کوردی ناکەن، بەداخەوە من زۆر دڵم دێشێ کاتێك دەبینم دەوڵەتی تورك هەقارەت لە ئەزموونی باشووری کوردستان دەکات و راستییەکانی ئەو پارچەیە چەواشە دەکات.

*** ئێستا مۆزیك و گۆرانی کوردی لەنێو رەسەنایەتی و مۆدێرنیزاسیۆندا دێ و دەچێ و کەوتۆتە نێو کریزێکەوە، بەتێروانینی ئێوە چۆن دەتوانین سەنتێزێکی هونەری بۆ مۆزیك و سترانی کوردی دروست بکەین؟**

- لە راستیدا مۆزیك و گۆرانی کورد ئەمڕۆ لە ژێرناوی رەسەنایەتی و نوژە نبووندا لەنێو ئاڵۆزییەکی گەورەدا تێدەپەڕێت، ئەمەش تارادەیەك وابەستەی ئابووری و بنەماگەی مۆزیکە، ئەم تەرزە هونەرییە پتر هەوڵ و ماندووبوون و دڵسۆزیی گەرەکە، پێویستی بە رۆحیەتێکی بێگەرد هەیە تاکو بتوانین سەنتێزێکی دروست بەرهەم بێنین.



*** ئەو تەوژمەی ئەمڕۆ ئەرابێسك کە گیرۆدەی مۆزیك و گۆرانی کوردی بووە چۆن دەهرخێنن؟**

-ئەو تەوژمە گرێدراوی بندەستی کوردانە، کە پتر لە ژێر کاریگەری کولتووری نەتەوەی سەردەستە، بەتایبەتی کولتووری عەرەبی، ئەمە زۆر خراپ نییە، بەڵام ئەگەر بێتوو ئەرشیفی نەتەوەییمان بپارێزین.

*** پێتوایە ئاوێتە بوونی هونەری تورکی، عەرەبی و فارسی لەگەڵ هونەری کوردی زەرەری هەیە سوود؟**

-زیانەکەی ئەوەیە ئێمە رەسەنایەتی خۆمان لەدەست بدەین، بەو مانایەی کاتێك خەڵکی کورد حەز لە ستایلی هەڵپەڕکێ بکات بەڵام من مەجبوور نیم گۆرانی هەڵپەرکێ بڵێم، لەبەر ئەوەی ئەگەر من هەموو کات بەدوای خەڵکێکی سادە بکەوم بێگومان هیچ پێشڤەچوونێك روونادات، بۆیە دەبێت هونەرمەند پێشەنگایەتی رۆشنگەریی گەلەکەی بکات و رێگا باش بە خەڵك نیشانبدات.

*** تەڤگەری مۆزیك و سترانی کوردی لە باشووری کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

- لەراستیدا لە باشووری کوردستان هەلومەرجێکی لەبار بۆ پێشکەوتنی هونەری کوردی رەخساوە، لێرە ئیمکانیاتی ماددی هەیە و کۆمپانیا و حکومەتمان هەیە کە هاوکاری کەرتی هونەری دەکەن و تەلەفزیۆن و ستۆدیۆ و مەتریالی هونەری هەیە. بەڵام لە باکووری کوردستان ئەو زەمینە سازییە بەدی ناکرێت لە بەر ئەوەی دەوڵەت هەمیشە ئاستەنگە لەبەردەم پێشکەوتنی هونەری کوردی.

*** با بچینە دنیای پرسە تایبەتیەکان. دەخوازین بپرسین ئەگەر ئێوە زەواج بکەن نابێتە ئاستەنگ لەبەردەم بەردەوام بوونت لەکاری هونەری؟**

- بێگومان زەواج پانتایی دەرفەتەکان کەمتر دەکاتەوە. بەڵام من دەخوازم ژیانی هاوسەرگیری پێکبهێنم، بێئەوەی کاریگەری لە هونەرەکەم بکات بە مەرجێك لەباری خێزانییەوە هاندان هەبێت و رۆشنبیر بن.

*** مەرج و داخوازییەکانی تۆ بۆ زەواج چین؟**

- مەرجی من ئەوەیە، ئێستا چۆنم دوای زەواجیش دەبێ لەگەڵ هونەرکەم لە تەماس دابم و کەس نەبێتە رێگر لەبەردەم خولیاکانم، دەبێ ئەو کەسەی شووی پێدەکەم پێش هەموو شت کورد بێت و کەسێکی رۆشنبیر بێت و هونەرەکەی من قەبوڵ بکات و دەستدرێژی نەکاتە سەر ماف و ئازادییەکانی من، بەشێوەیەك من بتوانم دوای زەواجیش لەسەر پێی خۆم بوەستم، هەروەها دەبێ ئەو کەسە خەمخۆرێکی گەلەکەی بێت.

*** قەت لە گۆڕەپانی سیاسی کارت کردووە، وەك رێکخراوەکانی ژنان و لاوان؟**

- مرۆڤی بێ سیاسەت قاوغێکی پووت و بوونێکی بێ مانایە، گەرەکە هەر کەس خاوەن ئایدیۆلۆژیا و رامانێکی تایبەتی بێت بۆ ژیان، بەتایبەت کە کۆمەڵگای کوردان کۆمەڵگایەکی بە سیاسی کراوە.

*** هونەر و سیاسەت چ پێوەندییەکیان هەیە؟**

- هەر یەکەیان تەواوکەری ئەویتریانن، بۆ نموونە میللەتی کورد لە باکووری وڵاتی خۆی لە رێی گۆرانییە نەتەوەییەکانی شڤان پەروەر ناسی. بە هەزاران لاوی کورد لە ژێر کاریگەری گۆرانییەکانی شڤان تەڤلی ریڤەکانی بەرخودانی کوردان بوون لە دژی زوڵم و داگیرکاری و ناسیۆنالیزمی نەتەوەی سەردەست.

*** زیاتر حەز لە چ پەیڤێك دەکەن؟**

- پەیڤێکی جگەرخوێن هەیە، دەڵێت: "شێعر شێرە، نە ژنە نە مێرە"

*** رقت لە چ پەیڤێك دەبێتەوە؟**

- رقم لە پەیڤی حەماسی سیاسەتمەداران دەبێتەوە.

*** چ شتێك دەتهێنێتە جۆش؟**

- ئەو کاتەی سەیری سینەما دەکەم زۆر بە جۆشم.

*** چ شتێك جۆشەکەت دەکوژێ؟**

- ستەم.

*** زیاتر حەز لە چ دەنگێك دەکەیت؟**

- دەنگی شڤان پەروەر و جوان حاجۆ.

*** ئەی رقت لە چ دەنگێك دەبێتەوە؟**

- حەز لە دەنگی (مۆزیکی (هیپ- هاپ) و کلاب ناکەم.

*** ئەگەر هونەرمەند نەبوایت، حەزت دەکرد چ کارێك بکەیت؟**

- من حەزم دەکرد وەك هونەرمەندە ئەوروپییەکان، خانوویەکی گەورەم لە نێو سروشتێکی باڵکێش هەبێت.

*** حەزت دەکرد لە کوێ بژیت؟**

- هەمیشە حەز دەکەم لە وڵاتی خۆم بژیم.

*** کەموکوڕی گەورەی تۆ چییە؟**

- لە ئەنجامدانی کارەکانم خاو و خلیسکم، دوو دڵ و رارام.

*** چۆن نیگەرانی و خەمگینی خۆت دەردەبڕیت؟**

- لە رێی مۆزیك و گۆرانییەوە.

*** دروشمی ژیانت چییە؟**

- داهێنان.

*** خەونی گەورەت چییە؟**

- دروستبوونی کوردستانێکی سەربەخۆ.

*** حەزت دەکرد چەند ساڵ بژیت؟**

- ناخوازم لە (٤٥-٥٠) ساڵ زیاتر بژیم.

*** ئەی حەزت دەکرد چۆن بمریت؟**

- حەز دەکەم لەسەر تەختەی شانۆ بەدەم چڕینی گۆرانییەوە بمرم.

***سوپاس بۆ ئەم دەرفەتە؟**

- سوپاس بۆ ئێوەش، هیوادارم جارێکی دیکە لە ئیستانبوڵ یەکتری ببینینەوە، خۆشحاڵم کە لە گۆڤارەکەتان گرنگیتان بە کارو چالاکییەکانی من داوە.

# ئافرەت لە سینەمای عەرەبی
# نیشاندانی جەستە بەر لە بەهرە

ئایا ئافرەت لە سینەمای رۆژهەڵاتی و عەرەبی بەکارهێنراوە بۆ خزمەتکردنی هیوا و ئاواتەکانی یان وەك یەکەیەکی دیکۆر و رووناکی و کۆمبارس؟ ئایا نهێنی بوونی لە سینەمای ئەمڕۆدا چییە.

زۆر لە رەخنەگر و هونەرمەندان دووپاتیان کردەوە ئافرەت ئەو رۆڵ و رێـــرەوی نەگرتووە کە پێی ســـپێردراوە و وای لێدەکات پێگەیەکی گونجاو و شـــیاوی هەبێـــت و نوێنەرایەتی نیوەی کۆمەڵگا بکات، چونکە رۆڵی ئافرەت هەمیشـــە لەنێوان پاکی و فێڵ و ئیغرادا خولاوەتەوە، جارێك وانیشـــان دەدرێت کە زوڵم و ستەمی لێکراوە لەلایەن پیاو و بە دابونەریتە کۆنەکان دەوردراوە، لە هەندێکی شـــوێنی دیکەدا یاریکەرێکی بە فرتوفێڵە و لەش و جوانی خۆی بەر لە توانا و بەهرەکانی نیشـــان دەدات، جاری واش هەیە مرۆڤێکی توندڕەوە تەنانەت لە کوشـــتنیش بە دوور نییە، کەواتە دەبێ رۆڵی ئافرەتی عەرەبی لە سینەمادا چی بێت و چ پەیوەندییەکی بەم نموونە ســـینەماییانەوە هەیە، ئاژانسی رۆژنامەنووسی عەرەبی لە میســـر لێکۆڵینەوەیەکی دەربارەی رۆڵـــی ئافرەتی رۆژهەڵاتی بە گشـــتی و عەرەبی بەتایبەتی لە ســـینەما و چۆنیەتی بەرگری کردن لە مافەکانی خۆی و شێوازی نیشاندانی کێشە و گرفتەکانی و دۆزینەوەی چارەسەری گونجـــاو بۆیان ئەنجامداوە لێـــرەدا پوختەی لێکۆڵینەوەکە بڵاو دەکەینەوە.

نووســـەر و سیناریســـتی میسری ئوســـامە ئەنوەر عوکاشە دووپاتـــی دەکاتەوە کە واقعـــی کۆمەڵایەتی زۆر دوورە لەوەی کە ســـینەمای عەرەبی نیشانی دەدات و دەڵێ: لە کاتی گفتو گۆ کردن دەربارەی ئێش و ئازارەکانی ئافرەت، تەنیا باسی ئەو هـــۆکار و بارودۆخانە دەکەین کە بوونەتە هۆی دروســـتبوونی گرفتەکە بۆیە کێشەی ئازارەکانی ئافرەت بە وردی دەرناکەوێت، چونکە لە ســـینەمادا حیســـاباتی تایبەت هەیە، بە مانایەکی دیکە زۆر پێویســـت نییە کە واقعەکـــە وەك خۆی بخرێتە روو، بـــەڵام وا لە خەڵك دەکات کە هاوســـۆزییان هەبێت بۆ ئافرەت، بێگومان زیادەڕۆیی لە سینەمادا هەیە و زۆربەی ئەو کارانەی کە باس لە کێشـــەی ئافرەت دەکەن لە چوارچێوەی دابونەریتی کۆمەڵایەتییـــەوە باســـیان کـــردووە و لە رووی ســـینەمایەوە موبالەغـــەی تێدایە و دەربڕی واقعی کۆمەڵگا نین، بۆ نموونە ســـییانەکەی نەجیب مەحفوز، کە تێیدا کەســـایەتی پیاو وەك دەســـەڵاتدار بەسەر هەموو شتێك نیشان دەدات، لە هەمان کاتدا هاوسەرەکەی (ئافرەت) وەك کاڵایەکی بێ بەها نیشان دراوە کە ئەمە لە کۆمەڵگادا نییە و ئەوەی ســـینەما نیشانی دا گەورە کردنی ئەو وێنەیە بوو تا بوو بە دیاردە.

### سینەمای جەستە

ئینعام محەمەد عەلی کە خانمە دەرهێنەرێکی میسرییە پێی وایە لە سینەمای میســـری لە زۆربەی کارەکاندا بەشێوەیەکی گشـــتی هاوســـۆزییەکی بەرامبەر بە ئافرەت نیشانداوە، بەڵام تا ئێســـتا تەنانـــەت فیلمێکیش بەرهەم نەهاتـــووە کە باس لە هـــۆکاری ئازارەکانی ئافرەت یان دید و بۆچوونی کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی بە گشـــتی بۆ ئەم دیاردەیە بکات، ئینعام هەروەها دەڵێ: لە ســـینەمادا زیاتر جەستەی ئافرەت ئیستیغلال دەکرێت نەك دەربڕینی کێشـــەکانی، هەورەها تا ئێستا چارەسەرێکی بۆ کێشەی ئافرەت نەدۆزیوەتەوە.



ئیناس دغێدی کە کارە سینەماییەکانی مشـــتومڕی زۆری لەســـەرە دەڵـــێ: لـــە ســـینەمای عەرەبییـــدا جەســـتەی ئافـــرەت بەکاردەهێنرێت، فیلمەکانی سێکسی زۆرن، بەڵام هەستی جەماوەری نەجوڵاندووە و تەنیا ئامانجـــی فرۆشـــتنی پلیتـــی زۆرترە، ئینـــاس دووپاتی دەکاتەوە کـــە گرفتەکە لەشـــی ئافرەت نییە بەڵکو گرفتەکە لە چۆنیەتی مامەڵە کردنـــە لەگـــەڵ جەســـتەی ئافرەتدا، چونکە باس کردن ســـێکس و گرفتەکانی کارێکی ئاســـاییە و دەبێ بە شێوەیەکی زانســـتی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بەڵام بەو شێوەیەی ئێستا ســـینەمای رۆژهەڵاتی بە گشتی باسی دەکات، لەشی ئافرەت شوێنی وروژاندنی زیاتری ئارەزووەکانی سێکســـییەکانی پیاو، ئیناس هەروەها دەڵێ: پێویســـتە رێز لە ئافرەت و جەســـتەی بگیرێت لە بەرامبەر جەماوەر کە پێی وایە ئەمە تەنیا کاری ئافرەتە.

کەچـــی نەبیلە عوبێد بەرگری لە رۆڵەکانی خۆی دەکات و دووپاتی دەکاتەوە ئەگەر رۆڵی ئیغرا لە فیلمەکانیدا نەبوایە ئەوا رازی نەدەبوو بەشـــداری تێدا بکات، چونکە ئیغرا و وروژاندن کارێکی ئاســـاییە ئەویـــش هونەرە کە یاسا و بنەمای خۆی هەیە و زۆر لە ئەستێرە بەناوبانگەکانـــی جیهان تایبەتمەندن بـــە نواندنی رۆڵـــی ئیغـــرا و خەڵاتی جیهانی گـــەورە بەدەســـت دەهێنن لەو بـــوارەدا، هەروەها زۆر جـــاری وا هەیـــە کە ئیغرا زۆر پێویســـت بووە بۆ پەرەپێدانی درامـــای فیلمەکە وەك لە فیلمی ( المراة و الساطور).



مەعالی زایدیش هەمـــان بیروڕای نەبیلـــە عوبێدی هەیە و دەڵێ: ئەکتەر بە تەنیا بەرپرس نییە لە دیمەنی ئیغرا و سەرنجڕاکێشـــان بەڵکو دەرهێنەر و بەڕێوەبەری وێنەگرتن و جوڵەی کامێرا بەرپرســـن لە نیشاندانی ئافرەت بەو

شێوە سەرنجراکێشە لەسەر شاشەی سینەما، ئەویش وەك نەبیلە دەڵێ: ئیغرا کارێکی مەعنەوی نییە، بەڵام یاسا و بنەمای تایبەتی خۆی هەیە و ئیغرا هونەرێکی بەرزە، ئەم هونەرە لە میسر لەگەڵ وازهێنانی هونەرمەندان هودا سوڵتان و فاتیما روشدی و هندی رۆستم و برلنتی عەبدولحەمید کۆتایی هات، چونکە ئەمانە زۆر بە جوانی دەیانتوانی رۆڵەکانی ئیغرا بە بەرزی نیشان بدەن، بەڵام ئەوەی ئێستا هەیە ئیغرایەکی سووکە و پشت بە خۆ رووت کردنەوەی و ورووژاندنی ئارەزووەکانی دەبەستێت.

## سیخوڕی

سەرەڕای کەمی ژمارەی فیلمەکانی سیخوڕی لە سینەمای عەرەبیدا، کەچی ئافرەت رۆڵێکی سەرەکیی هەبووە لەم فیلمانەدا هەر لەم فیلمانەشدا ئافرەت لە زۆر سیفەتە جیاجیاکانی خۆی داماڵدرا وەك زیرەکی و جوانی بێ سنوور و سەرنجراکێشان کە هەموو شتێك دەبەزێنێ، چونکە لەم فیلمانەدا کێشەی ئافرەت و ئەو پرۆژەی خزمەتی پێدەکات وا دەردەکەوێت کە ئامانجی سەرەکی ژیانیەتی، لێرەدا پیاو دەبێتە ئامرازێك بۆ خزمەتکردنی ئافرەت وەك لە فیلمی (حیکمەت فەهمی) کە لە دەرهێنانی حوسامەدین مستەفایە، لەم فیلمەدا حیکمەت فەهمی چاوی بە سیخوڕێکی ئەڵمانی دەکەوێت کە ئەویش دەیەوێت دژی بەریتانیا کاری سیخوڕی بکات، بەڵام کاتێك دەزانێت دژی بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەی کار دەکات، دژی رادەوەستێت و هەوڵی لەناوبردن و کەوتنی دەدات، لە فیلمی (الصعود الی الهاویە) رەگەزی نێرینە دەبێتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ دەستکەوتنی دیکیۆمینتەکان، لەم فیلمەدا سێکس جۆرێکە لە کارە سەرەکییەکان.

نووسەر و سیناریست مەحمود قاسم دووپاتی دەکاتەوە کە لە فیلمی (مهمە فی تل ابیب) ئافرەتە سیخوڕەکە جلوبەرگی نوێ و گرانبەها دەپۆشی و لە خانووەکی گەورەشدا نیشتەجێ بوو، بێ ئەوەی بزانرێ پێشتر ئاستی ژیانی چۆن بووە، لە فیلمی (فخ الجواسیس)یشدا دالیا کچێکی هەژار بوو بارودۆخی کۆمەڵایەتی پاڵی پێوەنا کە بەرەو دەرەوەی وڵات کۆچ بکات لەوێش دەکەوێتە داوی هەواڵگریی ئیسرائیلییەوە، بۆیە لەم جۆرە فیلمانەدا خیانەت لە وڵات دەکرێت بەرامبەر بە برە پارەیەك و گۆڕانگارییەکی کۆمەڵایەتی بەرچاو و لەوانەیە هەر گۆڕانکارییە لەناکاوەکان هۆکارێك بن بۆ ئەوەی ئافرەتان بەم رۆڵانە رازی بن، بەڵام سەرەڕای ئەمەش کۆتایی ئافرەت لەم جۆرە فیلمانە کارەسات بووە.

## توند و تیژی ئافرەت

لە هەندێك ماوەدا سینەمای عەرەبی شەپۆلێکی فیلمی نوێ سەریهەڵدا کە ئافرەتی لەناو چوارچێوەیەکی داپۆشراو بە توندو تیژی نیشان دا کە ئەویش لە ئەنجامی کرانەوەیەکی بێ بەرنامە بوو بەرەو کلتووری رۆژئاوا، لەم بوارەشەوە فیلمەکانی نادیا ئەلجوندی لە پێشەوە دێن .

دەربارەی بڵاوبوونەوەی ئەم جۆرە فیلمانە رەئفەت بەهجەتی رەخنەگر دەڵێ: دیاردەی توندو تیژی لە کۆمەڵگا عەرەبییەکاندا بە شێوەیەکی دیار وبەرچاو لە سینەمادا رەنگی داوەتەوە و زۆر ئاساییشە ئەگەر لە سینەمادا پێشکەش بکرێت، بەڵام کاتێك ئەمە دەربڕی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو نەبێت لێرەدا دەبێتە مایەی دروستبوونی مەترسی و دەبینە لاسایی کەرەوەی سینەمای ئەمریکی و، لە سایەی ئەم جۆرە فیلمانەوە ئافرەت دەبێتە بوونەوەرێك کە بوونی لە کۆمەڵگادا نییە، چونکە لە بنەرەتدا ئەم دیاردەیە لەکۆمەڵگای رۆژهەڵاتیدا نییە، رەخنەگری سینەمایی د.رەفیق سەبان پێی وایە فیلمەکانی توندو تیژی ئافرەتان لاسایی کردنەوەیەکی کوێرانەی سینەمای ئەمریکییە، چونکە توند و تیژی پیاو و ئافرەت لێك جودا نین و دیاردەی توند و تیژی ئافرەتان لەسەر شاشە تەنیا دیاردەیەکە بۆ بازرگانی بەکاردەهێنرێت، بەڵام خانمە ئەکتەری بەناوبانگی میسری نادیا لوتفی دەڵێ: یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی وازهێنانی لە کاری هونەری ئەوە بوو کە سینەما وێنەیەکی ساختەی ئافرەتی رۆژهەڵاتی نیشان دەدا ئەمە سەرەڕای ئەوەی دیاردەی توند و تیژی ئافرەتان کاریگەرییەکی سلبی هەیە لەسەر کۆمەڵگا.



**سەرچاوە/ ئاژانسی رۆژنامەوانی عەرەبی**